# له بواری ئەشغال و نیشتەجێکردندا

## له بواری ئەشغال و نیشتەجێکردندا

لەدرێژەی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوەی کوردستاندا، حکوومەتی هەرێم لە ڕێگەی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردنەوە، چ لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم و چ لەسەر بودجەی بەرنامەی ٩٨٦، گەلێک پرۆژەی جۆراوجۆری لە بواری ڕێگەوبان و دروستکردن و چاککردنەوەی پرد و چاککردنەوەی کارگە و بەردشکێنەکان و پرۆژەکانی بیناسازی و نیشتەجێکردندا ئەنجام داوە.

لە ساڵی ٢٠٠١دا بە گشتی ١٧٣.٢١٣.٥٥٠ دینار لە پرۆژەکانی ڕێگەوبان و پرۆژەکانی بیناسازی و نیشتەجێکردندا لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆک سەرف کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ٧٦.٥٢٢.٦٨٩ دینار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم لە پرۆژەکانی ڕێگەوبان سەرف کراوە.

٢- ٣٩.٩٦٧.٨٣٨ دینار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم لە پرۆژەکانی بیناسازی و نیشتەجێکردندا سەرف کراوە.

٣- (٥٦.٧٢٣.٠٢٣) دینار لەسەر بودجەی بەرنامەی ٩٨٦ لە پرۆژەکانی ڕێگەوبان خەرج کراوە.

جگە لەوانەش چەندین پرۆژەی گرنگ و ستراتیجی لە بواری ڕێگەوبان و پرد و بیناسازیدا خراونەتە ناو فێزەکانی بەرنامەی ٩٨٦ەوە کە بەگشتی ٨٩.٣٠٧.٤١٣ دۆلاریان تێ دەچێت.

وا لە خوارەوەشدا پوختەی ئەو کار و چالاکییانە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠١دا دەخەینە ڕوو:

### یەکەم- پرۆژەکانی ڕێگەوبان:

لەبەرئەوەی کە شەقام و ڕێگەوبان شادەماری ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمانە، بۆیە حکوومەتی هەرێم بایەخێکی زۆری بە چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگە سەرەکی و لاوەکیان داوە و لەم بوارەدا زۆر ئیشوکار و چالاکی گرنگ ئەنجام دراون، هەر لە نەخشەکێشان و دروستکردن و هێڵکاری ڕێگەوبانەکانەوە تا دەگاتە دانانی نیشانەکانی هاتوچۆ و پاراستنی ئەم ڕێگەیانە.

١- لە ساڵی ٢٠٠١دا لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم، چەندین پرۆژەی ڕێگەوبان بەدرێژیی ٤٦٧ کم لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆک ئەنجامدراون کە بەگشتی ٥٧.٨٣٩.٤٤٤ دیناریان تێ چووە. هەروەک ڕێگەی جووت سایدی هەولێر سەڵاحەدین (بەشی خانزاد - بەستۆڕە)، ڕێگەی پیرەفات - شێروان مازن، ڕێگەی جووت سایدی حاجی ئۆمەران تا سنوور لە پارێزگەی هەولێر، ڕێگەی گردەشین- دێرەبوون، ڕێگەی دهۆک- زاخۆ، ڕێگەی زاویتە، ئاکرێ- قەندیل لە سنووری پارێزگەی دهۆک، ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- ١٦٩.٧٣ کم ڕێگە لە پارێزگەی هەولێر دروستکراوە کە ٢٥.٢٩٥.٢٩٣ دیناریان تێ چووە.

(خشتەی ژمارە١)

ب- ٢٩٧.٤٣ کم ڕێگەوبان لە پارێزگەی دهۆک دروست کراوە و ١٣١٥٧٠م٢ شەقام قیرتاوکراون، کە بەگشتی ٣٢.٥٤٤.١٥١ دیناریان تێچووە.

(خشتەی ژمارە ٢)

٢- لەلایەکی ترەوە ٣٢ پرۆژەی ڕێگەوبان لەسەر بڕیاری ٩٨٦ لە هەردوو پارێزگەدا ئەنجام دراون کە بەگشتی ٥٦.٧٢٣.٠٢٣ دیناریان تێ چووە، ئەمەش دروستکردن و چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ١٦٠ کم ڕێگە لە سنووری هەردوو پارێزگەدا دەگرێتەوە کە لە خشتەی ژمارە (٣)دا ڕوون کراوەتەوە.

**دووەم- پرد**

هەر لە ساڵی ٢٠٠١دا، لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم، ١٣ پرد لە سنووری هەردوو پارێزگەدا دروست کراون یان چاک کراونەتەوە کە بەگشتی ٨.٣٩٨.٩٤٣ دیناریان تێ چووە هەروەک لە خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١- دروستکردنی پردی بەستۆڕە لە ڕێگەی سەلاحەدین- هەولێر کە لەژێر ئەنجامدایە: ٥.٥٨٤.٦٨٧ دینار.

٢- چاککردنەوەی پردەکانی (کەلەک، کەلەکی کۆن، قەندیل، پردی دیانا، مێرگەسور، پردی گەلی عەلی بەگ) لە پارێزگەی هەولێر: ٤٢٤.٣٧٠ دینار.

٣- فراوانکردنی پردی جودی و پردی کاردۆخ لە زاخۆ: ٢.٠١٨.٨٨٦ دینار.

٤- دروستکردنی پردی گوندی کربراسکی لە پارێزگەی دهۆک: ١٨١.٠٠٠ دینار.

٥- چاککردنەوەی پردی سایلۆ و پردی حسینیە لە زاخۆ و پردی چرە لە پارێزگەی دهۆک: ١٩٠.٠٠٠ دینار.

**سێیەم- دروستکردنی چاڵەقیر:**

بە مەبەستی دابینکردن و داکردنی قیری شل بۆ کارگەکانی قیر لە هەرێم، ٨ چاڵە قیری قەبارە جۆراوجۆر، کە هەندێکیان زیاتر لە (٥٠) تۆن قیر دەگرێت، لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم دروست کراون کە بەگشتی ٣.٥٦١.٥٣١ دیناریان تێ چووە، هەروەک لە خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١- دروستکردنی ٤ چاڵە قیر لە گۆڕەتوو و کەسنەزان و سۆران لە پارێزگەی هەولێر: ٢.٢٣٣.٧٤٥ دینار.

٢- دروستکردنی ٤ چاڵە قیر لە ئاکرێ و سەرتەنگ و زاخۆ و لومانا لە پارێزگەی دهۆک: ١.٣٢٧.٧٨٦ دینار.

**چوارەم- ڕاماڵینی بەفر:**

کاری بەفر ڕاماڵین و کردنەوەی ڕێگەکان لە وەرزی زستان و پاراستنی ڕێگەوبان و پردەکان بە شێوەیەکی بەردەوام ئەنجام دراوە و، لە ساڵی ٢٠٠١دا بەگشتی ٦١٣ کم ڕێگە لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم لە بەفر و داڕمانی خۆڵ لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆک پاک کراونەتەوە و ٧٠٠ هەزار دینار بۆ ئەم مەبەستە بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج کراوە:

١- پاککردنەوەی ٢٤١ کم ڕێگە لە پارێزگەی هەولێر: ٣٥٠.٠٠٠ دینار.

٢- پاککردنەوەی ٣٧٢ کم ڕێگە لە پارێزگەی دهۆک: ٣٥٠.٠٠٠ دینار.

**پێنجەم- چاککردنەوەی کارگە و بەردشکێنەکان و ئامێری جۆراوجۆر:**

لە ماوەی ئەم ساڵەدا ٢٠ کارگەی قیر و بەردشکێن (٨ کارگە لە پارێزگەی هەولێر و ١٢ کارگە لە پارێزگەی دهۆک) دوای چاککردنەوەیان دامەزراون و ئامادەکراون بۆ کارکردن هەروەک لە خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١- چاککردنەوەی ٤ کارگەی قیر و ٤ کارگەی بەردشکێن لە پارێزگەی هەولێر.

٢- چاككردنەوەی ٦ كارگەی قیر و ٦ كارگەی بەردشكێن لە پارێزگەی دهۆك.

جگە لەوانەش ٣١٠ ئامێری قورس كە لە بواری ڕێگەوباندا بەكار دەهێنرێن چاك كراونەتەوە (١٦٦ ئامێر لە سنووری پارێزگەی هەولێر و ١٤٤ ئامێر لە سنووری پارێزگەی دهۆك).

**شەشەم- پەرەپێدانی شاری هەولێر:**

وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێكردن بەشداری لە هەڵمەتی پەرەپێدانی شاری هەولێردا كردووە و پڕۆژەی جۆراوجۆری لەسەر بودجەی حكومەتی هەرێم ئەنجام داوە كە بەگشتی ٦،٠٢٢،٧٧١ دیناریان تێ چووە وەك:

- قیرتاوكردنی ٣٥ كم ڕێگە.
- ئەنجامدانی ١٣ پڕۆژەی هەمەجۆر وەك: دروستكردنی ڕێگەی جووت سایدی بنەسلاوە لەگەڵ دروستكردنی ئاوەڕۆیەكی سندووقی، دروستكردنی ٦٦ شەقام لە گەڕەكی ١١٥ و ٤٤ شەقام لە گەڕەكی ٩٩.

دەقی ئەم پڕۆژانە لە خشتەی هاوپێچی ژمارە ٤دا بلاوكراونەتەوە.

**حەفتەم- هێڵكاری و نیشانەكانی هاتوچۆ:**

ئەنجامدانی كاری هێڵكاری و دانانی نیشانەكانی هاتوچۆ یەكێكە لە بڕگە گرنگەكانی كاری ڕێگەوبان كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بایەخێكی بەرچاوی پێ داوە. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ٢٠٠١دا ١٥٠ كم ڕێگە هێڵكاری كراوە و ٤٥٠ دانە لە نیشانەكانی هاتوچۆ بۆ وشیاركردنەوە و ڕێنوێنی كردنی شۆفێرەكان لەسەر ڕێگەوبانەكانی هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆك دانراون.

**هەشتەم- نەخشەكێشان:**

لە ساڵی ٢٠٠١دا نەخشەی چەندین پڕۆژەی ڕێگە و باڵەخانەی جۆراوجۆر لە وەزارەتی ئەشغاڵ و نیشتەجێكردن كێشراون لەوانەش:

١- كێشانی نەخشەی ٨ پڕۆژەی ڕێگە وەك ڕێگەی جووت سایدی هەولێر- سەلاحەدین، ڕێگەی زارگەلی- سۆران، لۆفەكانی ڕێگەی سەلاحەدین - كۆڕێ.

٢- كێشانی نەخشەی ٣٠ پڕۆژەی بیناسازی و خانووی نیشتەجێ، وەك: باڵەخانەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بینایەكانی كۆمەڵگەی سنووری حاجی ئۆمەران كە ١٣ باڵەخانەیە، باڵەخانەی یەكێتی زانایانی ئیسلامیی كوردستان، بینایەی وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی، هۆڵی كۆنفرانس بە فراوانی ١٥٠٠ كەس و، چەندین نەخشە و پلانی جۆراوجۆر.

**نۆیەم- بیناسازی و نیشتەجێكردن:**

لە بواری بیناسازی و نیشتەجێكردنیشدا چەندین پڕۆژەی جۆراوجۆر لەسەر بودجەی حكومەتی هەرێم لە هەردوو پارێزگەدا ئەنجام دراون كە بەگشتی ٣٩،٩٦٧،٨٣٨ دیناری تێ چووە وەك لە خوارەوەدا ڕوون كراوەتەوە:

١- ١٣،٨٠٧،٤٧٢ دینار بۆ دروستكردن و چاككردنەوەی ٨ باڵەخانەی هەمەجۆر لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆك خەرج كراوە كە ئەمانەن:

- دروستکردنی باڵەخانەی کۆڕی زانیاری کوردستان کە لە ژێر ئەنجام دایە: ٤.٣٤٩.٧٠٤ دینار.
- چاککردنەوە و فراوانکردنی گرتووخانەی مەحەتە کە ئەنجام دراوە: ٢.٨٤٦.٠٠٠ دینار.
- دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگەوبانی هەولێر کە لەژێر ئەنجامدایە: ١.٩٥٢.٠٠٠ دینار.
- دروستکردنی چەند بینایەکی حکوومی لە شاوێس کە تەواوکراون: ١.٢٥٣.٢٠٨ دینار.
- دروستکردنی هۆڵی مافپەروەران کە لەژێر جێبەجێ کردندایە: ١١٦.٣٥٥ دینار.
- دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبانی دهۆک کە لە ژێر جێبەجێ کردندایە: ١.٥٨٥.١٩٢ دینار.
- دروستکردنی کۆمەڵە بینایەک لە تەناهی کە ئەنجام دراوە: ١.٣٥٤.٠٠٠ دینار.
- دروستکردنی نهۆمی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغالی دهۆک کە ئەنجام دراوە: ٣٥١.٠١٣ دینار.

٢- پرۆژەی دروستکردنی ٢٥٠ خانووی نیشتەجێ بۆ خانەوادە و کەسوکاری شەهیدان لە هەولێر و سۆران کە بەگشتی ٢٦.١٦٠.٣٦٦ دیناریان تێ چووە ئەنجام دراوە، وەک لە خوارەوەدا دەردەکەوێ:
- دروستکردنی ٢٠٠ خانوو بۆ شەهیدان لە هەولێر: ١٨.٥٧٩.٩١٦ دینار.
- دروستکردنی ١٠٠ خانوو بۆ ئاوارەکان لە کەسنەزان: ٢.٧١١.٨٣٨ دینار.
- دروستکردنی ٥٠ خانوو بۆ شەهیدان لە سۆران: ٤.٨٦٨.٦١٢ دینار.

**دەیەم:**

جگە لەو پرۆژانەی سەرەوەش چەندین پرۆژەی ستراتیجی و گرنگ لە بواری ڕێگەوبان و پرد و بیناسازی و نیشتەجێکردن خراونەتە ناو فیزەکانی ١١.١٠.٩.٨ی بەرنامەی ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک: دروستکردنی ٢.٩٥٠ خانووی نیشتەجێ، دروستکردنی ١٢ باڵەخانەی جۆراوجۆر، دروستکردن و قیرتاوکردنی ٦٥٠ کم ڕێگە، دروستکردنی ٩ پردی گەورە و بچووک، کڕینی ١٩٠ پارچە ئامێری قورس و ٨ کارگەی جۆراوجۆر وەک کارگەی دروستکردنی چیمەنتۆ و کارگەی دروستکردنی کەرپووچ و چەندین پردی تر کە بەگشتی ٨٩.٣٠٧.٤١٣ دۆلاریان تێ دەچێت.

شایانی باسە زۆربەی پرۆژەکانی ڕێگەوبان و پردەکان پرۆژەی گرینگ و ستراتیجین کە ڕێگە سەرەکییەکان دەگرنەوە وەک قیرتاوکردنی ڕێگەی سەرەکی هەولێر - دهۆک، پیرەفات - کانی بۆت - شێلادزێ، ڕێگەی جوت سایدی سەڵاحەدین - شەقڵاوە، پردی ئیفراز و پردی قەندیل و پردی چامە و پردی برسلین و چەندین پرۆژەی تر.

خشتەی ژمارە (١)

## پرۆژەکانی ڕێگەوبانی ئەنجامدراو لە سنووری پارێزگەی هەولێر لە ساڵی (٢٠٠١) لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم

| ز | ناوی پرۆژە | درێژی (کم) | پات | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی جووت سایدی هەولێر - سەلاحەدین<br>أ- بەشی خانزاد - بەستۆڕە<br>ب- بەشی بەستۆڕە - بانەمان | ٤,٢<br>٨ | ٣,٢٤٨,١٠٠<br>٤,٠٩١,٤٣٧ | ئەنجام دراوە<br>لەژێر ئەنجامە |
| ٢ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی پیرەفات - شێروان مەزن | ٢٣ | ٢,٤٧٥,٤٩٦ | ئەنجام دراوە |
| ٣ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی جووت سایدی حاجی ئۆمەران - سنوور | ٤,٤ | ٢,٠٤٠,٦٥٨ | لەژێر ئەنجامە |
| ٤ | دروستکردنی١١ ڕێگە بۆ (خەردەن- ژاژۆک - بێدود -واژێ - مامیسک و بیرسیاف - مەمۆلان - هەلون - خێرەزوک - هەزیر - خالونە - موسی مەغریبی) لە ناوچەی مێرگەسوور | ٢٦ | ٢,١٢٦,٧٦٨ | لەژێر ئەنجامە |
| ٥ | قیرتاوکردنی شەقامەکانی بارەگای تایبەتی لە هەولێر | ٨ | ١,٧٢٠,٥٠٣ | ئەنجام دراوە |
| ٦ | چاککردنەوەی ڕێگەی بێخاڵ | ٩ | ١,٥٩٥,٢٠٤ | ئەنجام دراوە |
| ٧ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی شەقلاوە - هیران | ٢٠ | ١,١٥٢,٨٤٥ | ئەنجام دراوە |
| ٨ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی سپیلک - دووڕیانی هەریر | ٣,٥ | ١,٠٨٣,١٣٤ | ئەنجام دراوە |
| ٩ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی خەلیفان - زارگەلی | ٩ | ٨٨٩,٧١٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٠ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی حجران - سەلاحەدین | ٦ | ٨٢٥,٩٣٨ | ئەنجام دراوە |
| ١١ | دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقام و گۆڕەپانی مەشق لە شەقلاوە | ٣ | ٦١٠,٨١٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٢ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی دۆڕێ - لێرەبیل | ٤ | ٥٣٧,٨٢١ | ئەنجام دراوە |
| ١٣ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگە و گۆڕەپان بۆ فێرگەی گولان لەکانی قرژالە | ٢ | ٥١١,٣٦٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٤ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی سەروکانی | ٢ | ٤٣٦,٩٦٩ | ئەنجام دراوە |

| ز | ناوی پرۆژە | درێژی (کم) | پات | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | دروستکردن و قیرتاوکردنی رێگە و گۆڕەپان لە سەری بلّند | ١,٧ | ٣٠٦,٨٣٣ | ئەنجام دراوە |
| ١٦ | دروستکردن و فراوانکردن و قیرتاوکردنی رێگەی سەرەکی لەناو هەریر | ٦,٢ | ٢٥٠,٧٢٧ | ئەنجام دراوە |
| ١٧ | دروستکردن و قیرتاوکردنی رێگە و گۆڕەپان بۆ فێرگەی پیرزین | ٢ | ٢٣٦,٥٩٤ | ئەنجام دراوە |
| ١٨ | چاککردنەوەی رێگەی خەلیفان - سرێشمە | ٦,٥ | ١٩٧,٣٩١ | ئەنجام دراوە |
| ١٩ | قیرتاوکردنی بازگەی هەولێر - سەلاحەدین لە شاوێس | ١ | ١٨٥,٠٩٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٠ | دروستکردن و قیرتاوکردنی چەند رێگەیەک لە ناوچەی مێرگەسوور | ٢,٩٣ | ١٨١,٢٨٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢١ | دروستکردنی شەقامەکانی ناوخۆیی (١٠٠) خانوو لە بنەسلاوە | ٣ | ١٣٨,٥٥٣ | ئەنجام دراوە |
| ٢٢ | رێکخستن و قیرتاوکردنی گۆڕەپانی کەناڵی KTV ئاسمانی لە هەولێر. | ٠,٣ | ١٢٠,٩٨٨ | ئەنجام دراوە |
| ٢٣ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی رێگە و گۆڕەپان لە سەری بلّند | ١,٨ | ١٢٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٤ | رێکخستن و قیرتاوکردنی رێگە و گۆڕەپانی کۆمەڵگەی شاوێس | ١,٧ | ١١٦,٦١٨ | ئەنجام دراوە |
| ٢٥ | چاککردنەوەی رێگەی حجران - قەندیل | ١٠ | ٦٢,٥٦٩ | ئەنجام دراوە |
| ٢٦ | رێکخستن و قیرتاوکردنی شەقامی بەرێوەبەرایەتی چاودێری دارایی | ٠,٥ | ٣١,٨٩٧ | ئەنجام دراوە |
| | کۆی گشتی | ١٦٩,٧٣ کم | ٢٥,٢٩٥,٢٩٣ دینار | |

خشتەی ژمارە (٢)

## پرۆژەکانی ڕێگەوبانی ئەنجامدراو لە سنووری پارێزگەی دهۆک لە ساڵی (٢٠٠١) لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم

| ز | ناوی پرۆژە | درێژی (کم) | پات/دینار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی گردەشین - دیرەبین | ٣٠ | ٤,٧٨٢,٦٧٥ | لەژێر ئەنجامە |
| ٢ | دروستکردنی گۆڕەپانەکانی گومرگی ئیبراهیم خەلیل | ١٠٠,٠٠٠م٢ | ٤,٤٧٣,٠٠٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ٣ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی دهۆک - زاخۆ | ٢٢ | ٢,٩٥٤,٤٦٤ | ئەنجام دراوە |
| ٤ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی زاویتە -ئاکرێ - قەندیل | ٢٠ | ١,٥٤٧,١٧١ | ئەنجام دراوە |
| ٥ | دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامەکانی فەرماندەیی دهۆک | ٤ | ١,٢٣١,٠١٣ | ئەنجام دراوە |
| ٦ | دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامەکانی گەڕەکی سیمالکا لە زاخۆ | ٥,٥ | ١,٩٨٥,٩٩٢ | لەژێر ئەنجامە |
| ٧ | فراوانکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی گرزنگل- قەسرۆک | ٧ | ٣٧٣,٧٧١ | ئەنجام دراوە |
| ٨ | قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆی زاخۆ | ٨ | ١,٤١٢,٢٥٠ | ئەنجام دراوە |
| ٩ | قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆی سوارەتوکا و کانی و دیرەلوک و سیری و شیلادزێ | ٦,٥ | ١,٥٧٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٠ | قیرتاوکردنی ڕێگای سەرەکی سمێل - کۆمەڵگەی مرینا | ٦,٦ | ١,٤٢٦,٠٠٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ١١ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی مقداد بەدرخان - کارگەی قوتووبەند | ٦ | ٧٠٣,٦٧١ | ئەنجام دراوە |
| ١٢ | قیرتاوکردنی ڕێگەی فراوانکراوەی مالتا- دووریانی دهۆک | ٤,٢ | ٨٤٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٣ | دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامەکانی گەڕەکی سەرهەڵدان لە زاخۆ | ١,٥ | ٦٠٦,٠٨٨ | ئەنجام دراوە |
| ١٤ | چاککردنەوەی ڕێگەی دهۆک - گەلی زاخۆ | ٢ | ٥٧٧,٨٩٧ | ئەنجام دراوە |
| ١٥ | دروستکردنی دیواری پاڵپشت لە زاویتە | | ٢٥١,٦٧٢ | ئەنجام دراوە |
| ١٦ | دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامەکانی گەڕەکی شەعبانییە - سیمالکا | ١ | ٣٨٦,٢٥٨ | ئەنجام دراوە |
| ١٧ | چاککردنەوەی ڕێگەی زاویتە - ئەتروش - پلان | ٦٠ | ٤٩٩,٩٤٩ | ئەنجام دراوە |
| ١٨ | قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆی بەردەڕەش | ٢,٧ | ٤٩٩,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |

| ز | ناوی پرۆژە | درێژی (کم) | پات/دینار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١٩ | دابینکردنی ئەسفەلت بۆ شارەوانی دهۆک | | ٣٧٧,٨٤٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٠ | چاککردنەوەی ڕێگەی بامەرنی - ئینیشکی | ١٤ | ٣٩٤,٩٩١ | ئەنجام دراوە |
| ٢١ | قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆی دینارتە | ٢,١ | ٣٧٧,٦٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٢ | قیرتاوکردنی گۆڕەپانی ڕێکخراوی K.R.O بۆ ڕێگای دهۆک - زاخۆ | ١,٥ | ٣٧٤,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٣ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی دێی زانکۆ | ٠,٣٥ | ٣٠٩,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٤ | دروستکردنی ڕێگەی ناو دارستانی زاویتە | ٣ | ٣٠٦,٠٠٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ٢٥ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی زاخۆ - ئیبراهیم خەلیل | ٩ | ٢٨٣,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٦ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی کارگەی ئاردی مەتین | ٠,٢٣٥ | ٢٥٩,٥٦١ | ئەنجام دراوە |
| ٢٧ | قیرتاوکردنی ڕێگەی گوندی قسارا | ١,٧٥ | ٢٤٣,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٨ | چاککردنەوەی ڕێگەی سمێل - باستکی | ٢٠ | ٢٤٠,٠٠٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ٢٩ | چاککردنەوەی پێچەکانی زریزا | ٠,٤ | ٢٥٩,٥٦١ | لەژێر ئەنجامە |
| ٣٠ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی قەسابخانەی دهۆک | ٠,٦٥ | ٢١٩,٣٠١ | ئەنجام دراوە |
| ٣١ | چاککردنەوەی ڕێگەی تل کبر - زاخۆ | ٣,٥ | ٢٠٢,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٢ | دروستکردنی ڕێگەی گوندی ارادن | ٢ | ١٨١,١٨٨ | لەژێر ئەنجامە |
| ٣٣ | دروستکردنی ڕێگەی ڕەبیەی سوتکی لە کانی ماسی | ٠,٨٥ | ١٩٢,٦٣٨ | ئەنجام دراوە |
| ٣٤ | قیرتاوکردنی ڕێگەی بەندیخانەی نەوجەوانان لە ئیتوت | ٠,٧ | ١٩٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٥ | دروستکردنی ڕێگەی قەڵای خیلخ | ٢,٣٥ | ١٨٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٦ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگە سەرەکییەکان لە وێستگەی سەرتەنگ | ٠,٤٥ | ١٥٩,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٧ | دروستکردنی دیواری پاڵپشت لە ئێنیشکێ | | ١٢٩,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٨ | قیرتاوکردنی گۆڕەپانی سوپەرمارکێتی نوێ | ٣٠٠٠م٢ | ١٢٦,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣٩ | دروستکردنی ڕێگەی (الماء البدیل) لە زاخۆ | ٠,٤ | ٨٨,٧٢٥ | ئەنجام دراوە |
| ٤٠ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگەی پیشەسازی سمێل | ٠,٧ | ١١٦,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٤١ | چاککردنەوەی شەقامەکانی ناوخۆیی زاویتە | ٤ | ١٠٧,٣٠٨ | ئەنجام دراوە |
| ٤٢ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی گەڕەکی ئەفسەران | ٠,١٤ | ١٠٢,٩٢٣ | ئەنجامدراوە |

| تێبینی | پات/دینار | درێژی (کم) | ناوی پرۆژە | ز |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ئەنجام دراوە | ٩٩,٢١٠ | ٢٧٠٠م٢ | دروستکردن و قیرتاوکردنی گۆڕەپانی بەرامبەر سوپەر مارکیت | ٤٣ |
| ئەنجام دراوە | ٨٦,٣٤٦ | ٠,٤ | دروستکردنی ڕێگەی نەخۆشخانەی هیڤی بۆ منداڵان | ٤٤ |
| ئەنجام دراوە | ٦,٢٢٠ | ٤٠٠٠م٢ | دروستکردن و قیرتاوکردنی گۆڕەپانی ئەکادیمیەی عەسکەری لە زاخۆ | ٤٥ |
| ئەنجام دراوە | ٧٥٠٠٠ | ٠,٥ | دروستکردنی ڕێگەی ئامادەیی برین پێچی | ٤٦ |
| ئەنجام دراوە | ٧٠,٠٧٤ | ٠,٢٥ | قیرتاوکردنی ڕێگەی قوتابخانەی شندوخا | ٤٧ |
| ئەنجام دراوە | ٥٧,٩٤٠ | ٠,٢٥٠ | قیرتاوکردنی شەقامەکانی بازاڕی دهۆک | ٤٨ |
| ئەنجام دراوە | ٢٤,٤٦٠ | ٣٢٠م٢ | دروستکردن و قیرتاوکردنی گۆڕەپانی ڕێکخراوی دیاکۆنیا (دار الایتام) | ٤٩ |
| ئەنجام دراوە | ٥٤,٠٠٠ | ٣٥ | چاککردنەوەی ڕێگەی سەرەکی کورا - مانگیش | ٥٠ |
| ئەنجام دراوە | ٥٣,١٠٠ | ٠,١٧ | دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامێک بۆ گۆڕستانی ئاکرێ | ٥١ |
| ئەنجام دراوە | ٣٨,٠٠٠ | | دروستکردنی ئاوەڕۆی سندووقی لە بەندی دهۆک | ٥٢ |
| ئەنجام دراوە | ٦٥,١٤٧ | ٠,١٢ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی پەیمانگەی گەشتوگوزار | ٥٣ |
| ئەنجام دراوە | ٣٧,٠٠٠ | ٠,١٤ | دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی کۆگای دەرمان لە شەعبانییە لە زاخۆ | ٥٤ |
| ئەنجام دراوە | ٧٢,٥٧٧ | | دروستکردنی ئاوبەری سندووقی لە کری قەسرۆک | ٥٥ |
| ئەنجام دراوە | ٣٣,٠٠٠ | ١٥٠٠م٢ | قیرتاوکردنی گۆڕەپانی مەشقی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل | ٥٦ |
| ئەنجام دراوە | ٣١,٠٠٠ | ٠,٣ | دروستکردنی ڕێگەی قوتابخانەی میهرەبان لە مالتا | ٥٧ |
| ئەنجام دراوە | ٢٦,٦١٥ | ٤ | دروستکردنی ڕێگەی گوندی چلوان | ٥٨ |
| ئەنجام دراوە | ٢٣,٥٥٥ | ٠,٢ | دروست کردن و قیرتاوکردنی ڕێگەی پەیمانگەی تەکنیکی | ٥٩ |
| ئەنجام دراوە | ٣٠,٠٠٠ | ٢٠٠٠م٢ | قیرتاوکردنی ڕێگە و گۆڕەپانی لیوای تایبەت لە زاوێتە | ٦٠ |
| ئەنجام دراوە | ٢٥,٤٠٠ | | دروستکردنی ئاوەڕۆی سندووقی لە هیزاوە | ٦١ |
| ئەنجام دراوە | ٢٦,٠٠٠ | ٠,٣ | دروستکردنی ڕێگەی قوتابخانەی باعەدرێ | ٦٢ |

| ز | ناوی پرۆژە | درێژی (کم) | پات/دینار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ٦٣ | قیرتاوکردنی رێگەی تەنیشت کتێبخانەی بەدرخانییەکان | ٠,٠٨ | ٢٦,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٦٤ | چاککردنەوەی رێگەی ئەفزروک | ٠,٥ | ٢٥,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٦٥ | قیرتاوکردنی دووریانی ئامیان | ٠,١٥ | ١٩,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| | کۆی گشتی | ٢٩٧,٤٣٥کم + ٢١٣١٥٧٠م٢ | ٣٢,٥٤٤,١٥١ دینار | |

خشتەی ژمارە (٣) – أ

پرۆژەکانی بریاری ٩٨٦ لە پاریزگەی هەولێر

| ز | ناوی پرۆژە | درێژی (کم) | پات/دینار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردن و قیرتاوکردنی رێگەی جووت سایدی کاوانیان – شەقلاوە | ٤,٢ | ٢,٨٢٧,٠٨١ | لەژێر ئەنجامە |
| ٢ | چاککردنەوەی رێگەی ساوە – تونێلی بێخمە – قەندیل | ١٨,٥ | ٢,١٢٨,٨٩٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣ | دروستکردن و قیرتاوکردنی رێگەکانی ناوخۆیی لە خەبات | ١٤ | ٢,٠٢٣,٨٠٧ | ئەنجام دراوە |
| ٤ | دروستکردن و قیرتاوکردنی رێگەی ناوخۆیی و ئاوەرۆی (٨٠) خانوو لە گۆرەتوو | ١,٣ | ٢,٧٤٥,٤٠٠ | لەژێر ئەنجامە |
| | کۆی گشتی | ٣٨کم | ٩,٧٢٥,١٧٨ دینار | |

خشتەی ژمارە (٣) - ب

## ط/ پڕۆژەکانی بڕیاری ٩٨٦ لە پارێزگەی دهۆک

| ز | ناوی پرۆژە | درێژی (کم) | پات/دینار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامەکانی کۆمەڵگەی ئازادی لە سەرسەنگ | ٤ | ٣,٨٢٢,٨٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢ | دروستکردن و چاککردنەوە و قیرتاوکردنی رێگەی دێرەبین - پەیوەندی سوری | ٩ | ٢,٦٢٧,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣ | دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆی ئاکرێ | ٥ | ٢,٣٠٧,٥٠٥ | ئەنجام دراوە |
| ٤ | دروستکردنی رێگەی گوندی هرور | ٨,٧ | ١,٦٩١,٣٤٤ | ئەنجام دراوە |
| ٥ | دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناو کۆمەڵگەی دینارتە و بەردەڕەش | ٢,٥ | ١,٧٠٨,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٦ | قیرتاوکردنی رێگەی کۆمەڵگەی موقبلی | ٦ | ١,٥٠٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٧ | قیرتاوکردنی رێگەکانی ناو زرگا | ٧ | ٣,٠٨٨,٨٥٢ | ئەنجام دراوە |
| ٨ | قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆیی باگیرات و مانگێش | ٣,١٥ | ٥,٣٣٥,٥١١ | ئەنجام دراوە |
| ٩ | قیرتاوکردنی رێگەی گشتی مسیریک | ٣,٧ | ٥,١٣٠,٤٠١ | لەژێر ئەنجامە |
| ١٠ | قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆی کۆمەڵگەی کلکجی | ٢,٤ | ٥٣٢,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١١ | قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناو سمێل | ٢ | ٥٥٠,٩٨٥ | ئەنجام دراوە |
| ١٢ | قیرتاوکردنی پردی برایەتی لە دهۆک | ٠,٥ | ١٥٤,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٣ | قیرتاوکردنی دووڕیانی سمێل | ٠,٩ | ١٥٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٤ | قیرتاوکردنی گۆڕەپانی شارەوانی پشت پێشانگاکان | ٥٠٠٠م٢ | ١٠٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٥ | قیرتاوکردنی سەر ئاوبەر لە سمێل | ١٢٠٠م٢ | ٧٩,٥٥٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٦ | قیرتاوکردنی رێگەی بنکەی مەشقی چاودێری پەروەردەیی | ٨٨٠م٢ | ٥٤,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٧ | قیرتاوکردنی پردی داسنیا | ٠,١ | ٢٢,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ١٨ | قیرتاوکردنی رێگەی دهۆک - زاخۆ | ٩ | ١,٩٤٧,٢١٧ | ئەنجام دراوە |
| ١٩ | قیرتاوکردنی رێگەی ناوخۆیی لە زاخۆ | ٨ | ١,٥٩٩,٩٩١ | ئەنجام دراوە |
| ٢٠ | قیرتاوکردنی رێگەی کۆمەڵگەی خانک | ١٣,٥ | ٢,٨١٥,٧٠٠ | ئەنجام دراوە |

| ز | ناوی پرۆژە | درێژی (کم٢) | گوژمە/دینار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی رێگەی ناوخۆیی لە کەرتی مەهاباد لە دهۆک | ٧ | ٤,٥٢٥,٨٥٨ | ئەنجام دراوە |
| ٢٢ | قیرتاوکردنی رێگەی کەرتی شەندوخا | ٣,٤ | ٥٩٩,٩٩٢ | ئەنجام دراوە |
| ٢٣ | قیرتاوکردنی رێگەی قەسرۆک - حسێنیە | ١١,٨ | ١,٦٩٠,٢٠٦ | ئەنجام دراوە |
| ٢٤ | دروستکردنی رێگەی ناوخۆیی لە کانی ماسی | ١,٣ | ٨٢٢,٤٣٣ | ئەنجام دراوە |
| ٢٥ | قیرتاوکردنی رێگەی دێرەبون - فیشخابور | ١٠ | ٢,٦٨٢,٥٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٢٦ | دروستکردنی پردی سپیندار | ٣٢م د | ١,٤٠٠,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| | کۆی گشتی | ١٢٢,٧٨کم + ٢٧٠٨٠م٢ | ٤٦,٩٩٧,٨٤٥ دینار | |

خشتەی ژمارە (٤)

**ط/ پرۆژەکانی پەرەپێدانی شاری هەولێر کە لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم ئەنجام دراون**

| ز | ناوی پرۆژە | درێژی/کم | تێبینی |
|---|---|---|---|
| یەکەم: دروستکردنی شەقامە سەرەکییەکان و ناوخۆییەکانی گەڕەکەکان | | | |
| ١ | دروستکردن و قیرتاوکردنی (٦٦) شەقام لە پارچە زەوی (١١٥) | ٨,٥کم | ئەنجام دراوە |
| ٢ | دروستکردنی ئاوەڕۆی سندووقی و شەقامێکی دوو ساید لەسەر رێگەی بنەسلاوە | ٣کم | ئەنجام دراوە |
| ٣ | رێگەی گەیاندنی رێگەی شەقلاوە بەرێگەی فرنی ساوە | ٠,٥کم | ئەنجام دراوە |
| ٤ | دروستکردن و قیرتاوکردنی (٤٤) شەقام لە گەڕەکی (٩٩) قۆناغی یەکەم | ٦کم | ئەنجام دراوە |
| ٥ | شەقامەکانی گەڕەکی (٩٤/٣٠) باداوە | ٧کم | لەژێر ئەنجامە |
| دووەم: قیرتاوکردن بە ستابلایزەر | | | |
| ١ | شەقامەکانی ناوچەی (١١٤) | ١٠کم | ئەنجام دراوە |
| ٢ | چەند شەقامێک لە گەڕەکی (١٥٠) | | ئەنجام دراوە |
| ٣ | چەند شەقامێک لە گەڕەکی (١٥١) | | ئەنجام دراوە |
| ٤ | دوو شەقام لەبەرامبەر نەخۆشخانەی رزگاری | | ئەنجام دراوە |
| ٥ | شەقامەکانی گەڕەکی مەنتکاوە | | ئەنجام دراوە |
| ٦ | چەند شەقامێک لە گەڕەکی موفتی | | ئەنجام دراوە |
| ٧ | شەقامێک لە تەنیشت (TV) گوڵان | | ئەنجام دراوە |
| ٨ | چەند شەقامێک لە گەڕەکی کشتوکاڵ | | ئەنجام دراوە |
| | کۆی گشتی درێژی | ٣٥کم | |
| | کۆی گشتیی پات | ٦,٠٢٢,٧٧١ دینار | |

خشتەی ژمارە (٥)

**پرۆژەکانی بیناسازی و نیشتەجێکردن کە گشتیان لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم ئەنجام دراوە**

١- پارێزگەی هەولێر

| ز | ناوی پرۆژە | پات | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی (٢٠٠) خانوو بۆ شەهیدان لە هەولێر | ١٨,٥٧٩,٩١٦ | ئەنجام دراوە |
| ٢ | دروستکردنی (١٠٠) خانوو بۆ ئاوارەکان لە کەسنەزان | ٢,٧١١,٨٣٨ | ئەنجام دراوە |
| ٣ | دروستکردنی (٥٠) خانوو بۆ شەهیدان لە سۆران | ٤,٨٦٨,٦١٢ | لەژێر ئەنجامە |
| ٤ | دروستکردنی باڵەخانەی کۆڕی زانیاری کوردستان | ٤,٣٤٩,٧٠٤ | لەژێر ئەنجامە |
| ٥ | چاککردنەوە و فراوانکردنی گرتووخانەی مەحەتە | ٢,٨٤٦,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٦ | دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبانی هەولێر | ١,٩٥٢,٠٠٠ | لەژێر ئەنجامە |
| ٧ | دروستکردنی چەند بینایەکی حکوومی لە شاوەیس | ١,٢٥٣,٢٠٨ | ئەنجام دراوە |
| ٨ | دروستکردنی هۆڵی مافپەروەران | ١١٦,٣٥٥ | لەژێر ئەنجامە |
| | کۆی گشتی | ٣٦,٦٧٧,٦٣٣دینار | |

٢- پارێزگەی دهۆک

| ز | ناوی پرۆژە | پات | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبانی دهۆک | ١,٥٨٥,١٩٢ | لەژێر ئەنجامە |
| ٢ | دروستکردنی کۆمەڵە بینایەک لە تەناهی | ١,٣٥٤,٠٠٠ | ئەنجام دراوە |
| ٣ | دروستکردنی نهۆمی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی ئەشغالی دهۆک | ٣٥١,٠١٣ | ئەنجام دراوە |
| | کۆی گشتی | ٣,٢٩٠,٢٠٥ دینار | |